حەوت ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کۆچی دوایی جەلال تاڵەبانی

ئەمڕۆ پێنجشەممە (3ی تشرینی یەکەمی 2024)، حەوت ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کۆچی دوایی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق، جەلال تاڵەبانی.

لەم یادەدا، وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، ئیڤان فایەق جابرۆ لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس نوسیویەتی: "جارێکیتر ساڵیادی ڕۆیشتنت تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی ئەو وێنانە بهێنینەوە دی کە لە مێژوودا ڕەنگ داکوتاون و بەرجەستەی مێژووی تێکۆشان و بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆرییەت و پەروەردەکردنی نەوەکان بە خۆشویستنی نیشتمان و قوربانیدانی ئەو شتانەی کە بەنرخەوە لەپێناویدا بەرجەستە دەکەن".